ژمارەی داهاتوو:
● ئاوێنە بچووکەکانی دۆستۆیفسکی
● شۆڕشی شینی ئیڤ کلاین

ڕووداو
ئەدەب و کولتوور

ژمارە (5) دووشەممە 2017/1/30
Email: bijar.hekim@rudaw.net

## سۆبارتۆ و ژنانی نهۆمە بەرزەکانی حەلیم یوسف دەکرێنە سۆرانی

# سۆبارتۆ .. ئەنجامی سووتماکبوونی مێژووی گەلێک

ئا: ئەدەب و کولتوور

دوو بەرهەمی دیکەی حەلیم یوسف، ڕۆماننووسی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان دەکرێنە سۆرانی.

حەلیم یوسف لەبارەی ئەو دوو کارەی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، سۆبارتۆ یەکەم ڕۆمانی ئەو بووە کە لە ساڵی 1999 بە کورمانجی لە ئیستەنبوڵ و لە ڕێگەی دەزگای ئاڤێستاوە بڵاوبووەتەوە و لە هەمان ساڵیشدا بە زمانی عەرەبی لە بەیرووت چاپ کراوە.

هەروەها گوتی: «لە کتێبێکدا کە لەبارەی مێژووی کورد نووسرابوو، ناوی سۆبارتۆ-م بەدی کرد کە لە یەکەم دیدەنیدا عاشقی کچێک دەبێت. لەمەوە ئەو ناوە چووە دڵمەوە و بڕیارم دا ناوی یەکەم ڕۆمانم سۆبارتۆ بێت».

باندۆری چیرۆکی سۆبارتۆ لەوەدا لەگەڵ چیرۆکی نووسەری ڕۆمانەکە یەک دەگرێتەوە کە حەلیم دەڵێ: «هەستێکی وام هەبوو، دیرۆکی ئێمە وەک میللەت و مێژووی کەسیی خۆم لە زنجیرەیەک سووتماکی دوور و درێژ پێکدێ، ئەو سەردەم خۆیشم بە ئاگری چیرۆکێکی ئەڤینداری دەسووتام. بۆیە بە ڕستەیەک دەتوانم گوزارشت لە ڕۆمانی سۆبارتۆ بکەم کە ئەنجامی سووتانی ناخی خۆمە و لە هەمان کاتدا، ئەنجامی سووتماکبوونی مێژووی گەلێکە کە وەک قەقنەس لە خۆڵەمێشی خۆی هەڵدەستێتەوە و دێتەوە ژیان».

دووەمین کاری حەلیم یوسف کە کراوەتە سۆرانی، کۆمەڵە چیرۆکی «ژنانی نهۆمە بەرزەکان»ـە. لەبارەی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەش دەڵێت: «ئەوە یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی منە کە یەکەمجار بە زمانی عەرەبی لە 1995 لە بەیرووت بڵاوبووەوە، دواتر لە ساڵی 1998 لە ئیستەنبوڵ بڵاوکرایەوە.

لە چیرۆکی هەمەجۆر پێکدێ و تێمای چیرۆکەکانیش تایبەتمەندییان ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵکی لە کۆڵانەکان، ناکۆکییەکانیان، زیاتر خرۆش و پێکدادانەکانی ناخەکیی مرۆڤ و کەڵکەڵەی فەلسەفی و مژاری گەردوونییە».

حەلیم دەڵێ: هەستێکی خۆشم هەیە خوێنەرانی کورمانجیخوارووش، کتێبەکانی من دەخوێننەوە. لە هەمان کاتدا دەڵێ: «جیاوازیی شێوەزارەکان و ئەلفبێ برینێکی قووڵی لە ناخی نووسەرانی کورددا دروست کردووە، لەبەرئەوەی ناتوانی دەنگی خۆت بگەیەنیتە تەوای گەلەکەت. بڵاوبوونەوەی ڕۆمان و چیرۆکەکانم بە سۆرانی ئەو برینە قووڵەی دڵم سارێژ دەکات. ئەگەرچی کەمێک درەنگە، بەڵام دیسان زۆر دڵخۆشم بەم هەوڵانە».

حەلیم یوسف ڕۆڵی ئەو کەسانەی کە دەقە کورمانجییەکان دەگۆڕنە سەر سۆرانی، بەرز دەنرخێنێ و دەڵێت: «پردێکی بەهادار لە نێوان شێوەزارەکانی کوردیدا دروست دەکەن. ئەگەر لە ڕوانگەی سیاسەتەوە بڕوانین، سیاسییەکان ناتوانن ئەمە بکەن، بەڵام ئێمە دەتوانین لەڕێی ئەدەبەوە ئەم پردە دروست بکەین، بۆیە دەبێ بە چاوێکی قەدرزانانەوە لەم کارەیان بڕوانین».

ساڵی ڕابردوو سەلاحەدین بایەزیدی، وەرگێڕی کورد، ڕۆمانی «کاتێک ماسی تینوو دەبن»ی حەلیم یوسفی کردە سۆرانی، ئەمە یەکەم دەروازە بوو بۆ خوێنەرانی باشووری کوردستان کە بە شێوەیەکی بەرفرە بە دونیای حەلیم یوسف ئاشنا ببن. ئێستاش ڕۆمانی سۆبارتۆ و کۆمەڵە چیرۆکی (ژنانی نهۆمە بەرزەکان) کە لەلایەن وریا غەفووری کراونەتە سۆرانی، ئامادەن بۆ چاپ و ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە ئەرکی لەچاپدانی لەئەستۆ گرتووە.

ئەو ناوەندە مافی چاپکردنی سەرجەم بەرهەمە چاپکراو و نەکراوەکانی حەلیم یوسفی کڕیوەتەوە.

حەلیم یوسف، ساڵی 1967 لە شاری عامودای ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە و لە ساڵی 2000ەوە لە ئەڵمانیا دەژی.




# ڕیچارد فاینمەن:

# «من عاشقی ژنەکەمم، ژنەکەم مردووە»!



لە ئینگلیزییەوە: هەژار

ڕیچارد فاینمەن، یەکێک بوو لە کاریگەرترین و بەناوبانگترین فیزیکناسەکانی سەردەمی خۆی. لە چلەکانی سەتەی بیستەم، ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا لە گەشەپێدانی بۆمبی ئەتۆمی و لە ساڵی 1956دا لەگەڵ دوو فیزیکناسی دیکە خەڵاتی نۆبێلیان وەرگرت. ڕیچارد مرۆڤێکی لەبەردڵان و خۆشمەشرەب بوو، ئەمما ئاڵۆز.

لە جوونی 1945دا ئارلینی هاوژین و دڵداری سەردەمانی قوتابخانەی ئامادەیی فاینمەن بە نەخۆشیی سیل ماڵئاوایی یەکجاری لێدەکا و ئەو دەمەی دەمرێ، تەمەنی 25 ساڵان دەبێ. 16 مانگ دواتر و لە ئۆکتۆبەری 1946دا، ڕیچارد نامەیەکی عاشقانەی دڵشکاوانە و پڕ خەم و کەسەری بۆ دەنێرێ و پوولیشی لێ دەدا و نامەکە دادەخات. نامەکە هەر بەو داخراوییەی هەتا دوای مەرگی لە ساڵی 1988، نەکرایەوە. ئەم نامەیەی ڕیچارد فاینمەن بە یەکێک لە جوانترین و باشترین نامە ئەدەبییەکان دادەنرێت لە دنیای ئەدەبیدا.

**ئازیزم ئارلین**

من شێت و شەیداتم، ئەی دڵدارم.

دەزانم چەند حەزت لێیە گوێت لەو دێڕەی سەرەوە بێ- بەڵام تەنیا بە خاتری ئەوە نایNووسم کە تۆ حەزت لێیە- دەینووسم چونکە نووسینی نامە بۆ تۆ سەرتاقەدەم لەناوەوە گەرمم دادێنێ.

هەر زۆر لە مێژە لە دوای دوایین نامەوە هیچم بۆت نەنووسیوە- تەقریبەن وا بۆ دوو ساڵان دەچێ، بەڵام دەزانم لێم دەبووری، چونکە بۆ خۆت دەزانیت من چۆنم، کەللەڕەق و واقیعبین، هەروەتر پێم وابوو نووسینێکی ئاوها هیچ مانای نەبوو.

بەڵام ئێستا ئەی هاوژینی ئازیزم، دەزانم کاتی ئەوە هاتووە ئەوەی دەمێک بوو دوامخستبوو، بیکەم. ئەوەشی کە دەزانم لە ڕابردوودا زۆر شتم کردووە. دەمەوێ پێت بڵێم عاشقتم. دەمەوێ عاشقت بم. ئەمن دایم و دەرهەم عاشقتم.

دژوارە لەو شتەی ناو سەرم حاڵی ببم کە خۆشویستنی تۆ دوای ئەوەی مردوویت یانی چی.. بەڵام هێشتا دەمەوێ ئارامیت پێ ببەخشم و ئاگام لێت بێ .. دەشمەوێ تۆیش عاشقی من بیت و ئاگات لێم بێ. دەمەوێ کێشەم هەبن و لەگەڵ تۆدا باسیان بکەم.. دەمەوێ هەندێ کاری چکۆلانە لەگەڵ تۆدا ئەنجام بدەم. هەرگیزاو هەرگیز هەتا ئێستا بیرم لەوە نەکردبووەوە کە دەتوانین پێکەوە کار بکەین. ئێمە دەبێ چی بکەین. ئێمە پێکەوە دەستمان بە فێربوونی جلوبەرگسازی کرد، یان فێربوونی زمانی چینی، یان دەستخستنی پرۆجێکتەرێکی پەخشی فیلم. تۆ بڵێی ئێستا نەتوانم هیچ بکەم؟ نا. من تەنیام بێ تۆ و تۆ «ژنی بیرۆکەکان» بوویت و تۆ هەژان و دنەدەری گشت سەرکێشییە شێتانەکانمان بوویت.

ئەو دەمانەی نەخۆش بوویت پەست و داخ لەدڵ بوویت چونکە نەتدەتوانی ئەو شتانەم پێ ببەخشی کە دەتویست پێمیان ببەخشی و لات وا بوو من پێویستمن. پێویست نەبوو پەست و داخ لە دڵ بیت. هەر وەک ئەوەی ئەودەم پێم گوتبووی، هەر بەڕاستی هیچ پێویستی نەدەکرد بەسەر خۆتیدا بێنیت، چونکە من ئێجگار و لە سەت لاوە عاشقت بووم. ئێستا ئیتر بەڕوونی دیارە کە زۆریش ڕاست بوو.. تۆ ئێستا ناتوانیت هیچم پێ ببەخشیت، کەچی بە جۆرێ عاشقتم کە لە حاڵی عاشقبوون بە کەسێکی دیدا زەپ و زیت لەسەر ڕێم ڕاوەستاویت.. ئەمما دەشمەوێ لەو ڕێیەدا ڕاوەستیت. تۆ، کە مردوویت، لە هەرچی زیندووی تر هەیە چاکتریت.

دەزانم کە دڵنیام دەکەیتەوە لەوەی شێتم و لەوەیش کە ئەوپەڕی خەندانی و بەختیاریی منت دەوێ و ناتەوێ چقڵی سەر ڕێم بیت. شەرت بێ ئێستا سەرت لەوە سوڕماوە کە دوای دوو ساڵ هێشتا دڵداری ترم نییە (بێجگە لە تۆ، ئەی دڵدارم). بەڵام تۆ هیچت لەدەست نایەت، ئازیزم، منیش هەر هیچ- لەمە تێناگەم، لە دوای مەرگت کچگەلی زۆر و چەند دانەیەکی زۆریش جوانم دیوە و ناشمەوێ بەتەنیا بمێنمەوە، بەڵام هەر لە دوو یا سێ دیداردا هەموویان لەبەرچاوم بوونە خۆڵەمێش. تۆ تەنها کەسی کە بۆم ماویتەتەوە. تۆحەقیقەتیت.

17ی ئۆکتۆبەری 1946

**ئەی هاوژینی ئازیزم، ئەمن شێت و شەیداتم.**
**من عاشقی ژنەکەمم. ژنەکەم مردووە.**
**ڕیچ.**

**تێبینی:** لەوەی کە ئەم نامەیەت بە پۆستەدا بۆ نانێرم تکایە بمبوورە — چی بکەم ناونیشانە تازەکەت پێنازانم.

# ترەمپ

# بازاڕی جۆرج ئۆروێل گەرم دەکات




**ئا: ئەدەب و کولتوور**

ڕۆمانە بەناوبانگەکەی جۆرج ئۆروێل (1984) کە ساڵی 1949 نووسراوە، دیسان بازاڕی گەرم بووەوە دوای ئەوەی کیلیان کۆنوای، ڕاوێژکاری دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەناو کۆشکی سپی، دەستەواژەی «ڕاستییە ئەڵتەرناتیڤەکان»ی لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ تۆڕی NBC ی ئەمریکی بەکارهێنا. بەو هۆیە ڕۆژی 24ی کانوونی دووەمی 2017، فرۆشی ئەم ڕۆمانە ڕیزبەندی شەشەم پڕفرۆشترین کتێبی لە لیستی ئامازۆندا تۆمار کرد.

بەراوردێکی زۆر کرا لە نێوان دەستەواژەی «ڕاستییە ئەڵتەرناتیڤەکان» کە ڕاوێژکارەکەی ترەمپ بەکاری هێنا لەگەڵ چەمکی «زمانی نوێ» کە ئۆروێل لە ساڵی 1949 لە ڕۆمانەکەیدا بەکاری هێناوە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو زمانەی ڕژێمەکەی «برا گەورە» ئافراندبووی بۆ لەقاڵبدانی بیرکردنەوەی تاکە کەسی و چەمکی «بیرکردنەوەی دوو جەمسەرە».

ئۆروێل لە ڕۆمانەکەیدا نووسیویەتی «بیرکردنەوەی دوو جەمسەرە» واتە خاوەندارێتی کەسێک بۆ دوو بۆچوونی دژ بەیەک لە هەمان کاتدا و پەسەندکردنی هەردوو بۆچوونەکەش بەپێی بایەخیان. تۆڕی CNN یەکەم میدیای جیهانی بوو کە ڕایەڵی لە نێوان ئەم چەمکانەدا دۆزییەوە و بەم شێوەیە بڵاوی کردەوە: «ڕاستییە ئەڵتەرناتیڤەکان چەمکێکی تایبەتە بە ئۆروێل».

ڕۆژنامەی واشنتن پۆست هەمان بۆچوونی هەبوو، کۆنوای ئەم دەستەواژەیەی لە میانی بەرگریکردن لە سین سپایسەر گوتەبێژی نوێی کۆشکی سپی بەکارهێنا لەبارەی لێدوانەکەی کە گوایە «بەشداربووانی ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی ترەمپ، قەرەباڵغترینە لە مێژووی ئەمریکادا». لێدوانەکانی کۆنوای بەرەوڕووی ڕەخنەی زۆر بووەوە، تەنانەت هەژماری فەرهەنگی میریام وێستەر، تویتێکی بۆ کۆنوای نارد کە تێیدا پێناسەی چەمکی «ڕاستی» دەکات.

ڕۆمانی 1984 باس لە توانستی فراوانی دەوڵەتی تۆتالیتێر دەکات لە چاودێریکردنی هاووڵاتیانی و دژایەتیکردنی ڕای سەربەخۆ و جیاواز.

1984 یەکێک لە بەرهەمە ناودارەکانی جۆرج ئۆروێلە. ئەم کتێبە بە مانیفێستێکی سیاسی هەژمار دەکرێت، بەو پێیەی لە دژی سیستەمە دەسەڵاتخواز و تۆتالیتارەکان، هەروەها سیستەمە کۆمۆنیستییەکان نووسراوە. ئۆروێل لە کتێبەکەیدا کۆمەڵگەیەک وێنا دەکات کە تێیدا ڕق لێبوونەوە لە دوژمن و ستایشکردنی چاودێری مەزن، یان ڕێبەری حزب، کە کەسێکی دیکتاتۆرە و بە برا گەورە ناودەبرێت، پایەدار کراوە. لەو کۆمەڵگەیەدا، تۆمەتباران و گومانلێکراوان بە ئاسانی بێسەروشوێن دەکرێن. وێنەکانی سەرۆک ئامێرەکانی گوێلێگرتن و چاودێری لە هەموو شوێنێک و تەنانەت لەنێو ماڵەکانیش جێگیرکراون بۆئەوەی خەڵک بەردەوام لەژێر کۆنترۆڵدا بمێننەوە. ڕژێمی دەسەڵاتدار لەڕێی ئەم سیستەمی کۆنترۆڵە و لەڕێی جەنگە بەردەوامەکانی و هەروەها لەڕێی داتاشینی «دوژمنی گەل» درێژە بەمانەوەی خۆی دەدات.

لە ئەمریکای سەردەمی دۆناڵد ترەمپدا، ڕایەکی بەهێز دروست بووە کە دروشم و سیاسەتەکانی ترەمپ بە ئاراستەیەکن، هەنگاو لەدوای هەنگاو، ئەمریکا بەرەو دەوڵەتە وێناکراوەکەی ئۆروێل دەبەن.

---

جۆرج ئورویل جگە لەم ڕۆمانە، خاوەنی چەندین ڕۆمانی دیکەی بەناوبانگە، لەوانە مەزرای ئاژەڵان و سۆزێک بۆ کاتالۆنیا.

# ئەوکاتەی «پاسەوانانی خودا»* من دەمکوژن!



سەنگەر زراری

ئەگەر کۆجیتۆ بەناوبانگەکەی فەیلەسووفی ئەڵمانی ئیمانوئێڵ کانت (1804-1724): «من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، هەوڵێک بێت بۆ دابڕینی (خود) لە (ئەویتر) و هەوڵێک بێت بۆ (تاکگەرایی)، ئەوا ڕۆمانی «پاسەوانانی خودا»ی چیرۆکنووس عەتا محەممەد، هەوڵێکە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مرۆڤ هەرگیز لە (ئەویتر) دابڕاو نییە و ناتوانێ بەبێ ئەویتر بژی و بیربکاتەوە، بە مانایەکی دیکە، ئەم ڕۆمانە دەیەوێ بیسەلمێنێ کە مرۆڤ هەر تەنیا خودی خۆی نییە لە واقیعدا، بەڵکو وێنەی کەسانی دیکەشە، یان کەسانی دیکەش وێنەی ئەون و ئەو وێنە و ڕەنگدانەوانە هەندێکجار تا ڕادەیەکی گەلێک زۆر پەرشوبڵاو و زۆر دەبن و کەسە ڕاستەقینەکان تێیدا بزر دەبن. لە شوێنێکدا ڕێبوار (کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە)، باسی ئەوە دەکات ماوەیەک ڕۆمانی کڕیوە و بێ ئەوەی ناوی نووسەرەکانیان بخوێنێتەوە، بەرگەکە و چەند لاپەڕەیەکی سەرەتای ڕۆمانەکەی دڕاندووە بۆ ئەوەی ناوی نووسەرەکە نەبینێ: «من دەمەوێت نەرجسییەتی مرۆڤەکان بکوژم...ل 165»، ئینجا ڕۆمانەکەی بەبێ ناوی نووسەرەکە خوێندووەتەوە، یان باسی ئەوە دەکات کە بابەتێکی لەسەر کوشتنی (من) نووسیوە «فەسڵێک لە نووسینێکی خۆی بیرکەوتەوە کە باسی چوونە سەر دەسەڵاتی دەستەیەک لە شۆڕشگێڕی دەکرد، دامودەزگەی تایبەت دادەنێن بۆ کوشتنی (من)، سەرەتا هەوڵ دەدەن (من) لە زماندا بسڕنەوە، بەوەی لە جێگای (من)، (ئەو) بەکاردەهێنن و کاتێک کەسێک دەیەوێت بڵێت: من برسیمە، یاخود ئازادیم دەوێت، دەبێت بڵێت: ئەو برسییەتی، ئەو ئازادیی دەوێت، تا دەگاتە ئەوەی هەمووان لە زماندا نائامادە دەبن و دەبن بە کەسی سێیەم...ل 165». لە شوێنێکی ڕۆمانەکەدا ئەم کوشتنی (من)ە دەگاتە ئاستی نەمان «کەواتە ژیانێکی ڕاستەقینە بوونی نییە، ئەوەی هەیە لە خەیاڵی تۆدایە...ل156».

سروشتی مرۆڤ وایە کە ئەگەر لە ژیانی ڕاستەقینەدا کەموکووڕییەکی هەبێت، یان ئامانجێکی هەبێت و نەتوانێ بیهێنێتە دی، بەشێوەی جیاواز، یان هەر هیچ نەبێ لە خەیاڵیدا هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات و دەیەوێت قەرەبووی بکاتەوە، ئەم وێنە خەیاڵییە، ئەوەیە کە ڕۆمانەکە بە وردی کاری لەسەر دەکات، زۆربەی ئەو کەسانەی لە ڕۆژهەڵات ناتوانن ئەو ژیانە بژین کە لە خەیاڵیاندایە، ئەگەر دەرفەتیان هەبێت ڕادەکەنە وڵاتانی ئەوروپا و ئەگەر نەشبوو، بە خەیاڵ بۆ خۆیان ژیانێکی دیکە دروست دەکەن و خەیاڵیان دوورە لەو واقیعەی تێیدا دەژین: «زۆربەی ئەو کچ و ژنانەی لە ڕۆژهەڵات دەژین، ڕێگەیەکیان دۆزیوەتەوە بۆ هەڵاتن...ل150»، دیارە ئەو ڕێگەیەش ڕێگای ژیانە لەناو خەیاڵ و فەنتازیایەکی خۆش، واتا بە جەستە لە ڕۆژهەڵات و بە خەیاڵ لە ڕۆژئاوا.

ئەم ڕۆمانە ئەوەش دەسەلمێنێ کە مێژوو، هێز و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شوێنەکان هەیە، دەشێ لەسەردەمێکدا شوێنێک، جێگەی ژیان بێت و لە سەردەمێکی دیکەدا مرۆڤ لێی ڕابکات و نەتوانێ لێی بژی، ڕۆژهەڵات سەردەمانێک ڕۆژهەڵاتی ڕۆحانییەت و عەشق بووە، بۆنی بوخوردی لێ دەهات، ڕۆژهەڵاتی خاوەنی یاساکانی حامورابی و عەشتار و ئیمپراتۆرییەتە گەورەکان بوو، بەڵام ئێستا بووەتە جێگەی شەڕ و ئاژاوە و حوکمی داعش و بەعسی و حووسی و قاعیدە و.. دەیان و سەدان حیزب و گرووپی مەرگدۆستی دیکە و مرۆڤ بە هەڵەداوان لێی ڕادەکات.

کورد لە وێنە (خەیاڵی)یەکانیشدا، بێ ئامانجە و چارەنووسی نادیارە. ڕێبوار سێ وێنە لە گۆڤارێک دەبڕێت و دەیەوێت ڕۆمانێک لەبارەی ئەو سێ وێنەیە (کە نایانناسێ و هەڕەمەکی لە گۆڤارەکە لێی کردوونەتەوە)، بنووسێت و ژیان بۆ هەر یەکێکیان دەخولقێنێ، یەکێکیان ناودەنێ (خوان ڕۆسینتۆ)، وای دادەنێ خەڵکی ئیسپانیایە و ڕۆژنامەنووسە، دووەمیان ناودەنێ ئەبوئەنەسی تونسی، خەڵکی تونسە و دوای ئەوەی وڵاتەکەی جێدێڵێت، دەچێتە ئیسپانیا و لەوێشەوە دەچێتە ناو خیلافەتەکەی داعش، سێیەمیان ناودەنێت فەرهاد و لە سلێمانی دەژی، فەرهاد ژیانێکی تایبەتی هەیە، ئەو لەناو کتێبەکانەوە هاتووەتە دەرەوە و لەڕووی جەستەییەوە زامدارە و سووتاوە، ڕۆژێک بۆ کۆڵبەریی دەچێتە کەرکووک، لەوێ کاتێک دەیەوێ لە پەنا دیوارێک پشوو بدات، لە تەقینەوەیەکدا کەللەسەری مرۆڤێک دەکەوێتە باوەشی و بەمەش تووشی شۆک دەبێت و لاڵ دەبێت و دواتر چارەنووسی دیار نامێنێت. خوان ڕۆسێنتۆ و ئەبوئەنەس لە ئیسپانیا بە ڕێکەوت لە کافتریایەکدا یەکتر دەبینن و هەندێ گفتوگۆ لەبارەی ئایین و ئافرەتەوە دەکەن، ئەبوئەنەس نایشارێتەوە کە ئەو بە هیوایە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئیسپانیا (ئەندەلووسی جاران) بگەڕێتەوە بندەستی موسوڵمانان،




دواتر ئەبوئەنەس دەچێتە ناو داعش، خوان ڕۆسێنتۆش بە مەبەستی کاری ڕۆژنامەوانی دێتە عێراق، بەڵام لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە و لەکاتی ڕووماڵکردن، دەکەونە بۆسەی تاقمێکی داعش و دەستگیر دەکرێت و بە دەستی ئەبوئەنەس (ئەبوئەنەس نایناسێتەوە، بەڵام ڕۆسێنتۆ ئەو دەناسێتەوە) لەبەردەم کامێراکان و بە جلێکی پرتەقاڵییەوە سەری دەبڕدرێ.

لێرەدا نە ئەبوئەنەس وەکو (خود) ڕۆسێنتۆ سەردەبڕێ و نە ڕۆسێنتۆش وەکو (تاک)ێک سەری دەبڕدرێ، لێرەدا ئەبوئەنەس نوێنەری دەسەڵاتێکی توندڕەوە و ڕۆسێنتۆش وەکو وێنەی ڕۆژهەڵات لەبەردەم کامێراکاندا لەناودەبرێ و سەری دەپەڕێنرێت.

لەم وێنانەدا ئامانجی ئەبوئەنەس دیارە کە گەڕانەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی و دەستبەسەرداگرتنی هەموو دنیایە. ئامانجی ڕۆسێنتۆش دیارە کە کاری ڕۆژنامەوانی و کۆکردنەوەی زانیاری و پەرەدانە بە پیشەکەی خۆی، بەڵام ئەوەی نە ئامانجی دیارە و نە چارەنووس، فەرهادە کە نە لەدایکبوونەکەی سروشتییە و نە ژیانەکەی و نە چارەنووسەکەشی دیارە، دەشێ لێرەوە ڕۆماننووس ئەوەمان پێ بڵێت کە هەموو مرۆڤێک سەرەتا و ژیان و ئامانجێکی دیاری هەیە، تەنیا کوردە نە سەرەتایەکی ڕوونی هەیە و نە ئامانجێکی دیاریکراو و نە ژیانێکی شەرەفمەندانەش.

لە پرسی ئەم سێ وێنەیەدا، ئەوەی من تێبینیم لەسەری هەیە، ئەوەیە کە دەبوو ڕێبوار پێشوەختە ناو و کار و مەبەستی بڵاوبوونەوەی سێ وێنەکەی لە گۆڤارەکە بخوێندبایەوە، پێموایە ئەم فرەوێنەییەی مرۆڤ کە ڕۆمانەکە مەبەستیەتی، ئەوکاتە زۆر جوانتر و ڕوونتر بەدیار دەکەوت، ئەگەر ڕۆماننووس، وای دانابا ئەم سێ وێنەیە لە گۆڤارەکە، کار و پیشە و وڵاتیان تەواو جیاوازە لەو وێنانەی ڕێبوار دروستیان دەکات و دەیانکاتە چیرۆک و بەسەرهاتی ڕۆمانەکەی. با بە نموونە زیاتر مەبەستەکەم ڕوون بکەمەوە.. وای دانابا وێنەی یەکەم لە گۆڤارەکە کەسێکی ئەوروپییە و ڕێکلام بۆ جلوبەرگ دەکات، دووەمیان کە ڕیشێکی تەنکی هەیە، خەڵکی یەکێک لە وڵاتانی ئەمەریکای باکوورە و یاریزانی تۆپی پێیە، سێیەمیشیان کەسێکی ڕۆژهەڵاتییە و تاوانێکی ئەنجام داوە، بۆیە وێنەکەی بڵاوبووەتەوە، بەڵام ڕێبوار حەقیقەتی ژیانی ئەم سێ وێنەیە دەستکاری دەکات و ئەو شێوەژیانەیان پێ دەدات کە خۆی، یان ڕۆمانەکەی پێویستی پێیە. من مەبەستم نییە لە جیاتی عەتا محەممەد بیربکەمەوە و پێی بڵێم چی بنووسێت و چی نەنووسێت، بەڵام وەکو خوێنەرێک، حەزم دەکرد وێنای ڕاستەقینەی ئەو کەسانە بزانم (بێگومان ئەویش وێنەیەکی خەیاڵیی ڕۆماننووس دەبێت) و وێناکان بە جۆرێک بان، زۆر جیاواز بان لەو وێنایانەی ڕێبوار بۆیان دروست دەکات، لێرەشەوە خوێنەر بۆی بەدیار دەکەوێت خەیاڵی مرۆڤ چەندە فراوانە لە دروستکردن و شێواندن و جوانکردنی وێنە و ژیانی مرۆڤەکانی تر کە ئەم ڕۆمانە کاری لەسەر کردووە، واتا ئەگەر بابەتی وێنەکان بەو جۆرەی لە گۆڤارەکە بڵاوبووەتەوە و ئەو وێنانەی ڕێبوار دەیانخولقێنێ بخرابانەڕوو، ئەوا خوێنەر زیاتر هەستی بە جیاوازی ژیانی ڕاستەقینەی کەسەکانی ناو وێنەکە و ئەو ژیانە دەکرد کە ڕێبوار بۆیان دروست دەکات و ئەمەش تێڕوانینی جیاوازی مرۆڤ بۆ وێنەکان ڕوونتر دەکاتەوە.

پێناچێ مۆتەکەی ڕۆژهەڵات ودواکەوتوویەکەی واز لە مرۆڤەکانی بێنێ، تۆ تەماشاکە ڕێبوار و نیان کە ژن و مێردن و خەڵکی کوردستانن، بەڵام لە ئەوروپا دەژین، خۆشەویستییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، هۆکارێکی دیاریش نییە بۆ جیابوونەوەیان، هەموو ئەوەی دیارە ئەوەیە «تۆ ئەو کەسە نیت کە دەمناسی...». لەکاتێکدا ڕێبوار دیدە ڕۆژهەڵاتییە دواکەوتووانەکەی فڕێداوە و بە چاوی ڕێزەوە لە نیان و ئافرەت دەڕوانێ و نیان خۆشی دان بەوەدا دەنێت: «تۆ وا دەکەیت هەست بکەم گوڵ لە نێوان ڕانەکانمدایە نەک برین...ل195»، دواتر سنووریش کە ڕێبوار دەناسێ، بەهەمان شێوە دان بەوەدا دەنێت کە ڕێبوار چەندە جیاواز لە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ئافرەت دەڕوانێ و ڕێزیان دەگرێت: «تۆ وات کرد گوڵێکی سیحری لە جەستەمدا ئاشکرا بکەم...ل202»، کەچی نیان لێی جیا دەبێتەوە، تەنانەت دوای ئەوەی جیاشدەبنەوە، نیان هەر بیری لای ئەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، نیان دەزانێ کە ڕێبوار کەسێکە ڕێز لە ئافرەت دەگرێت، کەچی کەشی ڕۆژهەڵاتیی بەسەر پەیوەندییەکانیاندا زاڵە و جیا دەبنەوە. کەواتە دەشێ هۆکاری ئەم ئاڵۆزی و لێکترازانە ئەوە بێت کە خۆڕزگارکردن لە دید و نەریتەکانی ڕۆژهەڵات ئاسان نەبێ، بۆیە تووشی (دژیەکی)یش دەبن، ئەمەش سیفەتی زۆربەی ئەوانەیە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا کۆچ دەکەن، ئەو کاتەی لە ڕۆژهەڵات دەژین خەیاڵیان لە ڕۆژئاوا و ژیانێکە کەرامەتیان تێیدا پارێزراو بێت: «ڕۆژهەڵاتییەکان هەمیشە ماندوون، ماندووی هەڵهاتن و بەدوای جێگەیەکدا دەگەڕێن، تێیدا کەمێک پشوو بدەن...ل75». بەڵام کە دەشگەنە ئەوێ، ناتوانن واز لە کۆبوونەوەی کوردەواری و جلوبەرگ و نەریت و دۆڵمە و کفتە بێنن و دەیانەوێ لەوێ کوردستانێکی بچووک دروست بکەن: «مام ڕەشید لەناو باخەکەیدا کە هەر هێندەی ژوورێکی سێ بە چوار دەبوو، بە شەرواڵێکی خاکییەوە خەریکی ڕنینی کەوەر بوو، ئەو ڕۆژە دنیا گەرم بوو، ڕێبوار بە مام ڕەشیدی گوت: بیری کوردستان ناکەیت؟ مام ڕەشید بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێت، بە ڕێبواری گوت: ئەمە کوردستانی منە و ئەویتریشم لە دڵمدا هەڵگرتووە...ل126».

ئەمە وای کردووە خەڵکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی بە جۆرێک بژین کە ژیانیان لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەڵپەسێردراوە و نازانن لە کوێ دەژین، لێرە یان لەوێ.

ڕۆژهەڵات هەر بەوە ناوەستێ کە واز لە مێژوو و بەهای خۆی بێنێ و مرۆڤەکانی ئێستای ئازار بدات، بەڵکو ڕابردووەکەشی ناشیرین دەکات، هێنانەوەی نموونەی داستانی شیرین و خوسرەو لەم ڕۆمانە و دەستکاریکردنی بەو جۆرەی کە ڕەنگدانەوەی سەردەمی ئێستا بێت، وێنەیەکی گەلێک وردی دزێوییەکانی ئێستامان پێ دەڵێت و نیشانمانی دەدات، لە سەردەمی ئێستادا، چیتر خوسرەو خەریکی تاشینی بەردەکان نییە لەپێناو شیرین، بەڵکو کەسێکە لە شەڕی ناوەخۆ، لە ڕووداوێکی نادیاردا دەکوژرێت و تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە، شیرینیش لەپێناوی دابینکردنی بژێویی نەنکە پیرەکەی و برایەکەی و دوو خوشکەکەی، دەبێتە لەشفرۆش و سەرئەنجام ون دەبێت و کەسیش تەرمەکەی نادۆزێتەوە.

ئیتر ئەمە ڕۆژهەڵاتە کە مرۆڤەکان لە بۆتەی خۆی دەردەکات و کەس نازانێت ئەو کێیە؟! هەمیشە لە ناخی خۆیدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە: ئایا ئەوە منم، یان من تەنیا وێنەیەکم و لە خەیاڵدا دەژیم؟!

---

*** پاسەوانانی خودا، مێژوویەکی تر بۆ بینینی خۆمان (ڕۆمان)- عەتا محەممەد، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپی یەکەم (2016).**

# ئافاتەکانی ڕۆمانی ژنە قژسوورەکە



**فەرهاد چۆمانی**

خودانی قژەسوورەکە لە دوا دواییەکانی ڕۆمانی «ژنە قژسوورەکە- kırmızı saçlı kadın»ی ئۆرهان پامووکدا، داوامان لێ دەکات، ئەم کتێبە وا بخوێنرێتەوە کە نەک بە تەنها پەڕەکانی کۆتایی، بەڵکو هەموو کتێبەکە وەک لێکۆڵینەوە لە جینایەتێک، وردەکارییە دادییەکانی، سەلماندنەکانی بە ئاگاوە بخوێنرێتەوە، وەک ئۆدیبی سۆفۆکلیس. بەڵام ئەگەر بکەوینە ژێر سیحری پێشنیارەکەی ژنە قژسوورەکە، پارێکی گەورە لە چێژی ڕۆمانەکە لەدەست دەدەین و وەک ڕۆمانێکی پۆلیسی دەیخوێنینەوە، بەدوای تاوانێکی کوشتندا دەمانبات کە هەموو سەرەداوەکانی ونن.

بۆچوونی گشتیی من لەبارەی ئەدەبی تورکییەوە ئەوەیە کە ئەدەبێکە تاڕاددەیەکی زۆر لەنێو خۆیدایە. کۆدە هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکانی، تێما و ڕووداو و سیمبولەکان لە زۆربەی دەقە داستانییەکاندا (ڕۆمان و چیرۆک) چوارچێوەی کولتووری تورکیا تێناپەڕێنن. بەڵام پامووک و چەند نووسەرێکی دیکەی تورک تاڕاددەیەکی باش توانیویانە لە چوارچێوەی ئەو بۆچوون و پێناسەیە دەربچن و دەقی یونیڤێرساڵ بنووسن.

هەرچەندە لە چەند شوێنێکدا کە پرسیار لە پامووک کراوە بۆچی لەسەرجەم ڕۆمانەکانتدا شوێن تەنێ ئیستەنبوڵە؟ وەڵامی ئەوە بووە کە «من جگە لە ئیستەنبوڵ شارەزای هیچ شوێنێکی دیکە نیم»! دیارە ئەم وەڵامە خوازەیەکە نەک ئەوەی پامووکی ڕۆماننووس جیهانگەڕ و ئەزمووندار نەبێت.

لە ڕاستیدا ئەم ڕۆمانەی ئۆرهان پامووک -ئەگەر بۆمان هەبێت- دەکرێ بەر لە هەر شتێک وەک سەنتێزێک چاوی لێ بکەین و وەری بدەینەوە. کە ئەم ڕەهەندە لە ڕۆمانەکەدا بە درێژایی 204 لاپەڕە وەک پەیکەربەندیی ڕۆمانەکە شێوە دەگرێت. دواتر لە نێوکۆدا بە قووڵایی وردەکارییەکاندا دەچین.

سەنتێزی ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا ئەفسانەی ئۆدیب پاشا تا بەم ڕۆژگارە دەگات بەردەوام ڕەنگدانەوەی هەبووە بەسەر هەموو لق و چڵەکانی هونەر و ئەدەبدا. هاوکات شانامەی فیردەوسیش وەک میتۆلۆژیای ڕۆژهەڵات کەمتر لە ئەفسانەی ئۆدیب نەبووە و باندۆر و کاریگەریی مەزنی بەسەر ڕەوتی گەشەی ئەدەبی و هونەریدا هەبووە و سەرچاوەی سرووش بووە بۆ زۆر دەقی ئەدەبیی دیکە. بەڵام پامووک دێ بە تێکەڵکێشکردنێکی زۆرزانانە و لێزانانە دەیانخاتە بۆتەی چەند ڕووداوێکەوە کە لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ئیستەنبوڵ و شارۆچکەی ئۆنگۆرەن ڕوودەدەن. لە دوای ئەوەی باوکی جێم، کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، بە هۆکارێکی تاڕاددەیەک لێڵ و نادیار، لە هەمانکاتدا برێک سەرەداودیاری سیاسیدا ون دەبێت. جێم و دایکی بە تەنیا دەمێننەوە و جێم ناچار دەبێت لە پشووی هاویناندا کار بکات، تا بەڵکو بتوانێ بژێوی ژیانی خۆی و دایکی دابین بکات، دوای ئەوەی چەند کارێکی بچووک لە کتێبفرۆشییەک و پاشان پاسەوانی لە باخێک دەکات، دواتر لەگەڵ وەستا مەحمود دەچێتە کاری بیرهەڵکەندن کە ئەو ساڵانە لە شارۆچکەی ئۆنگۆرەنی دووره ئیستەنبوڵ و ئێستا تێکەڵبوو لەگەڵ ئیستەنبوڵ، بە شێوازی کۆن بیرەکان لێدەدران.

دوای ئەوەی پامووک ڕووداوەکان دەگەیەنێتە ئەم شوێنە و جێم و وەستا مەحموود دەباتە سەر زەوییەکی بەیار، بێ بانگ و هاوار و چەپەک؛ دەست بە بیرلێدان دەکەن ... لەوێوە ڕۆمانەکە تووشی جۆرێک لە تەپین دەبێت و لەنێو خۆدا خولانەوە وەک مۆرانە لێی دەدا. ڕەنگە ئەگەر خوێنەرێک چاوەڕوانی مەزنی لە پامووک نەبێت، کتێبەکە دابخاتەوە و نەگەڕێتەوە سەری.

ئا. عومەر تورکەش لێکۆڵەری ناسراوی بواری ئەدەبیات لە تورکیا لەبارەی بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە کە لە چاپە تورکییەکەدا 103 لاپەڕە و لە چاپە کوردییەکەیدا 182 لاپەڕە درێژە دەکێشێت، دەڵێ: «با غەدر لە تەواوی ڕۆمانەکە نەکەم، بەڵام دەتوانم بەشی یەکەم هەمووی لە تاکە ڕستەیەکدا کورت و ئاسان بکەمەوە: کوڕەلاوێک پێدەگات...»

وێڕای ئەو بۆچوونەی تورکەش، ڕەنگە پێشداوەری بۆ درێژەکێشان و خۆجووینەوە و هاوشێوەبوونی ڕووداوەکانی بەشی یەکەممان لە کۆتایی ڕۆمانەکە بۆ دەربکەوێت کە ئەوە تەنیا بیرێکی ئاو نەبوو لەگەڵ وەستا مەحموود لێیان دەدا، بەڵکو هەڵکەندنی چارەنووسی جێم خۆی بوو.

لەم ڕۆمانەدا ئەگەر ڕووداوەکان کورت بکەینەوە و دابەشیان بکەینەوە بەسەر هەردوو ئەفسانە و داستانەکەدا ، بەمشێوەیە دەبێت: «جێم، دوای دیارنەمانی باوکی حەسرەتی بێ باوکی دەچێژێت، دەچێتە لای وەستا مەحموودی بیرهەڵکەن و تاڕاددەیەک وەک باوکێک مامەڵەی لەگەڵ دەکات. ئەو شەوانەی بە تەنیا یان لەگەڵ وەستا مەحمود دەچێتە ئۆنگۆرەن، سەوداسەری ژنێکی قژسوور دەبێت و لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کە ژنەکە ئەڤینداری باوکی خۆی بووە. لەگەڵ ژنە قژسوورەکە دەخەوێت و بۆ یەکەمجار لەڕێگەی ئەوەوە بەر جەستەی ژن دەکەوێت. جێم، وەستا مەحموودی بیرهەڵکەن دوای ئەوەی پەقرەجێکی پڕ لە خۆڵ و بەردی بەسەردا بەردەبێتەوە، لەنێو بیرەکەدا جێدەهێڵێت و گرێی ئۆدیبی لەوێدا بۆ جێم دروست دەبێت، کە تا تەمەنی پیری وادەزانێت بکوژی وەستا مەحموود بووە. دواتر جێم هاوسەرگیری لەگەڵ ئایشەدا دەکات و منداڵیان نابێت. لە ڕێگەی پشکنینی DNA دەردەکەوێت کە ئەوجارەی لەگەڵی خەوتووە، سکی گوڵجیهان، واتە ژنە قژسوورەکەی پڕ کردووە و کوڕێکی لێی هەیە. کوڕەکە کوڕێکی تووڕە، دیندار و کۆنپارێزە. لە شەوێکدا لەگەڵ باوکیدا لەسەر هەمان بیر کە جێمی مێردمنداڵ و وەستا مەحموود هەڵیانکەند، یەکدی دەبینن و دوای چەند خرۆشان و گرژبوونی گفتوگۆی نێوانیان ئەمجارە داستانی شانامەی فیردەوسی ئاوێزانی ڕووداوەکان دەبێت و کوڕ باوکی خۆی دەکوژێت.

لەمەوە دەبێ بڵێم بۆیە پێموایە ئەم ڕۆمانە سەنتێزە، چونکە لەنێوان هەردوو ئەفسانە و داستانەکەدا هەوڵیداوە تێکەڵە و «ئاڵۆزییەکی هونەرکارانە» دروست بکات و ڕۆمانەکە وەک داستانێکی لێکەوتەی هەردوو ئەفسانە و داستانەکەدا بخاتە بەر دەستی خوێنەرانی.

ئەفسانەی ئۆدیپ لەچوارچێوەی (شەڕی نێوان دەسەڵاتەکان، دادپەروەری، خیانەت، تاوان، داوێنپیسی، نەفرەت، ئازار و قەدەر) دەخولێتەوە. بەڵام لە ڕۆمانی ژنە قژسوورەکەدا بەتەواوی لەم تێمایانە داماڵدراوە، بگرە لە ڕۆمانەکەدا تا کۆتایی هیچ ئاماژەیەک لە (شەڕی دەسەڵات، دادپەروەری، نەفرەت، ئازار و قەدەر) نابینین و ئەو ڕووداوانەی کە بەشێکی زۆر لە کاراکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە بەری دەکەون، بەتایبەت باوکی جێم، جێم خۆی، گوڵجیهان و ئەنوەری کوڕی وەک (تاوان، خیانەت، داوێنپیسی) ناکەونەوە. جێم نەفرەت لە باوکی ناکات کە لە مێردمنداڵییەوە لەگەڵ دایکی بەتەنیا بەجێیان دەهێڵێت و لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراودەردەکەوێتەوە. بۆ چوارچێوەکانی دیکەش هەمان شت. بە جۆرێک ئەگەر ڕووداوی کوشتنی جێم لەلایەن ئەنوەر-ی کوڕییەوە لە ڕۆمانەکە دەربکەین، هەموو شتەکان تەواو ئاسایی دەچنە پێشەوە.

ڕەنگە «ئاساییبوونەوە» مۆرکێکی سەردەمی مۆدێرنە بێت کە وا بکات تاوانەکان، خیانەت و داوێنپیسی داماڵدرابێت لە مانای خۆی. بگرە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، لە کاتی گفتوگۆی نێوان ئەنوەر و جێمی باوکیدا هیچ ئاماژەیەکی ئەوتۆ نییە بۆ ئەوەی پاڵنەری کوشتنی باوکی ئەوە بووبێت سکی دایکی پڕ کردووە و بەجێیهێشتووە. بەڵکو ئەوە تەواو ڕێکەوتە کە دەیکاتە بکوژ.

لە هەندێک شوێندا داڕشتنەوەی ناو و ناونانەکان تەواو هەڵەن کە نەدەبوو بەسەر وەرگێڕدا تێپەڕن. بە تورکی «askeri darbe» واتە کودەتا، بەڵام بە «لێدانی سەربازی» کراوە بە کوردی. هەروەها «darbeci» واتە کودەتاچی، بەڵام بە «لێدەرەکان» وەرگێڕدراوە.

کوڕەکەی گوڵجیهان و جێم ناوی Enver ـە، دەکرێ بە ئەنوەریش وەربگێڕدرێت، بەڵام نازانم بۆچی کاک سامان کردوویەتییە ئەنۆر.

---

ئەم ڕۆمانە کە لە ناوەڕاستی نیسانی 2016 لەلایەن ناوەندی (یەپی کرەدی) یەوە بڵاوکرایەوە، لەلایەن بەڕێز سامان کەریم کراوە بە کوردی و ناوەندی ئەندێشە چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.




# کولتوور چییە؟

**نەبەز سەمەد**

زاراوەی کولتوور چەندین پێناسەی جیاوازی هەیە، بەڵام بەگشتی پێناسەکان جەخت لەسەر هەمان شت دەکەنەوە. کولتوور ئەدگار، تایبەتمەندی و زانینی گروپێک خەڵکی دیاریکراوە (بۆ نموونە کورد) کە بەڕێی زمان، هزر، ئاین، خواردن، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، موزیک و هونەرەوە پێناسە کراون. ئەمانە پشکدار و هاوبەشن لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە و گروپێک خەڵکی دیاریکراو، بەڕێی فێربوونەوە دەگوازرێنەوە و یارمەتی شێوەدان بە بیروباوەڕەکان و ڕەفتارەکان دەدەن.

یەکێک لە پێناسە یەکەمییەکانی کولتوور ساڵی ١٨٧١ لەلایەن ئێدوارد تایلۆرەوە کراوە: ‹‹کولتوور، یان شارستانەتی، سەرجەمێکی ئاڵۆزە، پێکدێ لە: زانین، باوەڕ، هونەر، یاسا، مۆراڵ، دابونەریت. هەروەها هەر توانست و ڕەفتارێکی دیکە کە لەلایەن مرۆڤەوە وەک ئەندامێکی کۆمەڵگە بەدەستهێنرابێ››. پێناسەیەکی دیکەی نوێتری کولتوور بریتییە لە ‹‹ئایدیا، هزر، بەها و دەرککردنە هاوبەشەکان. هەروەها گواستنەوەی کۆمەڵایەتییانەی ئەو ئایدیایانەی کۆمەڵگەیە کە بۆ تێگەیشتن لە ئەزموون و دیارهێنانی ڕەفتار و پەرچاندنیان لەنێو ئەو ڕەفتارانەدا بەکاردێن››.

واتا کولتوور سەرجەمی چالاکییە هزری و ڕەفتارییەکانی نەتەوەیەک یان گروپێک خەڵکی دیاریکراوە لە سەردەمێکدا. لە هزر، زمان، زانین (زانیار_مەعریفە) [وێژە، هونەر، زانست و فەلسەفە]، دابونەریت، بەهای کۆمەڵایەتی، ڕەوشت، کەلەپوور، باوەڕ، ئاین و شێوەی ژیان پێکدێ.

سەرجەم کولتوورەکان گەرەکە پێویستی و ئاتاجە فیزیکی، سۆزەکی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەندامەکانیان دابین بکەن، هەروەها ئەندامە نوێیەکان بە کولتوور بکەن، هاڤڕکێ و ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن و گەشە بە توانستی مانەوەی ئەندامەکانیان بدەن. کولتوور شتێکی هەمەکی و گەردوونییە لە نێوان سەرجەم گروپەکانی مرۆڤ و تەنانەت لە نێوان هەندێ لە ئاژەڵانیشدا هەیە.

لکە کولتوور (SUBCULTURES) کولتووری گروپێکی دیاریکراوە کە ڕەفتاری هاوبەش و فێرکراوی جوداوازی (ئێتنیکی، نەژادی، جێندەری، تەمەن) لەخۆدەگرێ لەنێو کولتووره گەورەترەکەدا. سەرەڕای ئەو جیاوازییانە، هێشتاش ئەندامانی ئەو لکە کولتوورانە هاوبەشن لە کولتووره گەورەکەدا. لکە کولتوورەکان لەنێو زۆر لە سیستەمی دەوڵەتاندا هەن لەبەر ئەوەی ئەو سیستەمانە فرەیین و پتر لە گروپێکی ئێتنیکی یان کولتوورێک لەخۆدەگرن.

### ئەدگارەکانی کولتوور

کولتوور پێنج ئەدگاری بنەڕەتی هەیە:

کولتوور فێرکراوە، هاوبەشی پێکراوە (شەیرکراوە)، پابەندە بە سیمبولەکانەوە، ئاوێتەکراوە و داینامیک (گۆڕاو)ە.

* یەکەم: کولتوور فێرکراوە. کولتوور بیۆلۆگی (بایۆلۆژی) نییە؛ لەگەڵ ئێمەدا لەدایک ببێ، بەڵکو ئێمە فێری دەبین. زۆرینەی فێربوونی کولتوور نائاگایانەیە. ئێمە لە ڕێگەی خێزان، دامەزراوەکان، دەوڵەت و مێدیاوە فێری کولتوور دەبین. پرۆسەی فێربوون و فێرکردنی کولتوور پێی دەگوترێ بەکولتوورکردن (enculturation). هەرچەندە سەرجەم مرۆڤان پێویستی و ئاتاجی بنەڕەتی بیۆلۆگیان هەیە وەک خواردن، خەوتن و سێکس، بەڵام ڕێگەی بەدەستهێنانی ئەو ئاتاجانە بەگوێرەی کولتوورەکان دەگۆڕێ.

* دووەم: کولتوور هاوبەش و شەیرکراوە. لەبەر ئەوەی ئێمە کولتوور لەگەڵ ئەندامانی دیکەی گروپەکەمان بەش دەکەین، ئەوا ئێمە دەتوانین بەشێوەی کۆمەڵایەتییانە کرداربنوێنین، هەروەها پێشبینی ئەوەش بکەین کە ئەوانی دیکە چۆن کردار دەنوێنن. سەرەڕای سروشتی هاوبەش و شەیرکردنی کولتوور، واتای ئەوە نییە کولتوور هاوشێوەیە. جیهانی کولتووری جوداواز لەنێو هەموو کۆمەڵگەیەکدا لێرە بوونی هەیە.

* سێیەم: کولتوور پابەندە بە سیمبولەکانەوە. سیبمول شتێکە گۆزارشت لە شتێکی دیکە دەکا. سیمبولەکان بەگوێرەی کولتوورەکان دەگۆڕێن. ئەوان کاتێک واتادارن، ئەگەر خەڵک لەنێو کولتوورێکی دیاریکراودا لەسەر بەکارهێنانیان هاوڕا و کۆک بن. زمان، پارە، هونەر هەموویان سیمبولن. زمان گرنگترین پێکهاتەی سیمبولی کولتووره.

* چوارەم: کولتوور ئاوێتەکراوە. ئەمە وەک هۆلیزم (سەرجەمی و هەمەکی) ناسراوە، ئاخر بەشە جوداکانی کولتوور لە پەیوەندییەکی نێویەکیدان. سەرجەم ڕەهەندەکانی کولتوورێکی دیاریکراو پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەیە، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە کولتوورێک مرۆڤ گەرەکە سەرجەم بەش و ڕەهەندەکانی ئەو کولتووره فێرببێ نەک تەنیا کەمێکی یان بەشێکی.

* پێنجەم: کولتوور داینامیکی و گۆڕاوە. ئەوە بەسانایی واتا کولتوورەکان کارلێک دەکەن و دەگۆڕێن. لەبەر ئەوەی زۆرینەی کولتوورەکان لە پەیوەندیدان لەگەڵ کولتوورەکانی دیکەدا، بۆیە ئایدیا و سیمبولەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن. سەرجەم کولتوورەکان دەگۆڕێن، ئەگینا ئەوان ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە لەگەڵ گونجانی دەوروبەرەکەیان. لەبەر ئەوەی کولتوورەکان ئاوێتەن، ئەگەر بەشێک لە سیستەمەکە گۆڕا، ئەوا کاریگەری لەسەر بەشەکانی دیکەش دەنوێنێ.

# سەمای سەر بەستەڵەک



**ئاهەنگ کاوانی**

ژەهراوییە دەفەکەم ،
هۆ سۆفی وریابە با بەژەهری دەفەکەم هەناسە کورت نەبێت،
کون کونە نای وەک دڵ، نەی ژەن بم بە قوربانی دڵت ،
شمشاڵەکەم، بردیان، غەرقیان کرد،
شمشاڵەکەم کە ئازارەکانمی بە بای شەماڵا ئەکرد،
غەرقیان کرد، غەرقی بەستەڵەکی قوتبی باکوور
ئەویان برد و ئازارەکانمیان جێهێشت ... لە باشوور
دەی ساقی، بم بە ساقەی ڕۆحت،
وەرە و بە نای و دەف ( ڕوومی) م بۆ خەبەرکەنەوە،
پێی بڵێن
« هەستە لە خەوی شیرینت، هەستە بیهۆنەوە شیعری جوانتر لە ئازاری ژن »
شیعرێک، تەنها بۆ من،
من ، کە نەخشی خوام، پێی بڵێن
دونیا بە من دەست پێدەکا و لە گولا ئەمرێ
منیش، بەڵێ منیش
بە کراسێکی ئاودامانی شۆڕ شۆڕ، سپی سپی
بە ئاوازی دەف و نەی
بە پێی پەتی و لەسەر نووکی پەنجە
بەسەر یەک یەک وشەکانی ( ڕوومی) سەما ئەکەم
سەمایەک ، ئازار سەری شۆڕکا لە بەرامبەریا
سەمایەک، ژەهری دەف بکا بە هەڵم
خوێن لە کونی ( نەی) بچۆڕێنێتەوە
سەمایەک ، بەستەڵەکی باکوور بتوێنێتەوە و
«پیاو» تەریق کاتەوە
سەمایەک ... سەمایەکی ئیلاهی
( ڕۆمی) زیندووکاتەوە..

# تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تۆوە

به کوێری دائەنیشم، ڕوو لە دەر گا،....
دەر گایەکی کراوە، بەسەر ئەڵقەڕێزی ژەنگگرتووی ساڵە داخراوە کانا
پشت لە وێنەی گەنجێتیی خۆم ، بەقەد دیوارە خۆڵەمێشییە کەوە
فزەم لە دەم نایەتە دەر ...
تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تۆوە

—

خۆم بە خەیاڵێکەوە سەرقاڵ کردووە.....
کەس بە پوولێ نایکڕێ،
خووم بە شتێکەوە گرتووە.....
کاڵفامیی نەبێ، هیچی تری لێ شین نابێ
دەست لەو ئاوریشمی خەیاڵ و خووەش هەڵناگرم....
تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تۆوە

—

هەر بۆ دڵنەوایی نەورەس ، ئەڵێم دەریا جوانە،
بۆ کات لەپێکردن ...
پیاسەی نێو دارستان ئەکەم،
بە گاڵتەجاڕییەوە لە دەرەوشانەوەی ئەستێرە ئەدوێم
بەڵام هەر بەڕاستی چاوم بەسەر تەمەوە ئەبڵەق ئەبێ...
تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تۆوە

—

غەمگینە یان نا ، ئەو گۆرانییە....
چ کارم پێی نییە،
ئەمباتە سەر کوێ ئەم ڕاستە شەقامە ، کێشە نییە
لە هەر شوێنێ بێ، لا ئەدەم،
گرنگ ئەوەیە لە جێیەک چاوەڕێ بم.....
تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تۆوە

—

تەکلیفی باران ناشکێنم ،
بە ڕۆحێکی تەنکەوە ئەچمە ناوەڕاستی کۆڵان و
بەدەم گەمەکردنەوە ،ختووکەی دڵۆپەکانی ئەدەم
لە گەڵ باریندا، بە نازێکەوە ڕاوم ئەنێ
ڕائەکەم، تەڕ... تەڕ، ڕائەکەم
ناوەستم، چۆڕە... چۆڕ، ناوەستم....
تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تۆوە

—

گڵۆپێ لە خۆم کزتر، دائەگیرسێنم،
کتێبێ لە خۆم مەلوولتر، ئەگرم بە دەستەوە،
کورسییەک لە خۆم ماندووتر، ڕائەکێشم،.......
وەک قوتابی تەممەڵ خۆم ئەخلافێنم،
وەک بازرگانی مایەپووچ داڵغە لێئەدەم،
وەک سەربازی دیل، سەرکز و زەلیل دادەنیشم.....
تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تۆوە

—

سوک و ئاسان تارمایی سەوزی خەیاڵێ چەکم ئەکا و
لۆژ.. لۆژ پشت ئەکەمە دوژمن،
لەچاوتروو کانێکا،....
لە خوێنا ئەخووسێمەوە و
هەر ئاوڕێکیش نادەمەوە،
بەدەم چاوەڕوانییەکی لێڵەوە بەچۆکا دێم ....
تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تۆوە

—

ئەم سپێدە نوورانییە.. بە عەتری پڕاوی سەر سنگییەوە.....
لە گەڵ خۆی ئەمباتەوە ...
سەر سفرەی بۆنخۆشی یەکەم بەیانیی جەژن،
ئەو دەمەش وەک منداڵ خێشم کردووە و
لە سوچێکدا گرمۆڵە بووم،....
تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تۆوە

—

ئەچمە بالکۆنە لێو تەزیوە قژ تەڕەکە
لەوێوە شەقامێکی خەوتوو،......
تا ئەوسەری کاڵبوونەوە لە گلێنەمەوە سەرئەکا
جودان ؛ ئەمشەو هەموو شتەکان.....
وەک شێتبوونی من جودان
پێکەکەم لەسەرلێواری داڵغەیەک دائەنێم و
ورتە ورت گۆرانی ئەڵێم .....

**بەرزان هەستیار**

کۆڵن/ ئۆکتۆبەر و نۆڤێمبەری 2016





سەرپەرشتیار: بژار حەکیم